# ئایین و حزب - چەپی کورد و تراژێدی؟!

واتیکان تەنیا شوێنێکی ئایینی نییە، ناوەندێکی گرنگ لە سیستمی سیاسی و ماڵی جیهانە. ئەم وڵاتە بە ٤٤ هەکتار ڕووبەر و ٩٠٠ کەس دانیشتوو و ٢ میلیارد و ٢٤٠ ملیۆن ئەندام، خاوەنی ٧ لیۆن دۆلارە. سامانی ماڵی کلیسا لە شارێکی وەک کۆڵن لە ساڵی ٢٠١٤ گەیشتۆتە ٢ میلیارد و ٣٠٠ ملیۆن ئویرۆ، کلیسا لە ئاڵمان خاوەنی ٢٧٠ میلیارد ئویرۆ سەرمایەی ماڵی و ٨٢٥٠ کیلۆمەتری چوار گۆشە زەویە. کلیسا لە حاند هیچ ناوەندێکی جیهان و هیچ دەوڵەتێک بەرپرسیار یە و لێپرسینەوەی لێ ناکرێ!

مزگەوت ١ میلیارد و ٦١٠ ملیۆن موسڵمان لە خۆی دەگرێ، ، سەروەت و سامان و داهاتیان لە هیچ وڵاتێک ڕوون نییە. بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی پەیڕەوانی ئایینی هیندوو یەک میلیارد و ٥٠ ملیۆن، بودیسم ٤٩٠ ملیۆن، سروشت ئایین٤٢٠ ملیۆن و موسایی ١٤ ملیۆنە. ژمارەی ێ دێن ِ بێ خوداکان یەک میلیارد و ١٢٠ ملیۆن کەسە و ئەم گرووپە نە شوێنی وەک کلیسە و کەنیسە و مزگەوتیان هەیە و نە ە ناوی بێخودایی پارە کۆدەکەنەوە!

ژمارەی موسڵمان و مەسیحی لە سەر یەک دەگاتە ٣ میلیارد و ٩١٠ ملیۆن کەس، پەیڕەوانی ئایینەکانی تر ژمارەیان یەک میلیارد و ٩٧٤ کەسە. بەمجۆرە ٥ میلیارد و ٨٨٤ ملیۆن کەس، واتە ٨٠ ە سەدی خەڵکی جیهان بە پێی ەریزە، عادەت و فەرهەنگی کۆنی ئایینی هەڵسوکەوت دەکەن. ئەم تایبەتمەندییە باشترین زەمینەیە بۆ داسەپاندنی دیکتاتۆری و دەستەڵاتی دەزگاکانی سیاسی، حزبی، تیجاری، تەبلیغاتی و مێدیا!

کلیسای تێکچڕژاو لە گەڵ سیستمی سیاسی، خۆی لە گەڵ نۆرمەکانی سەردەم، ڕادەهێنێ و تەنانەت دەست لە بنەما سەرەکییەکانی مەسیحیەت وەردەدا . بەڵام کلیسا لە گەڵ جیابوونەوەی خەڵک ڕووبوڕوە. ڕێژەی ئەندامانی کلیسا لە دەیەی پەنجای زایینی ٩٧ لە سەد بوو، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠١١ بۆ ٨٠ لە سەد، دابەزیوە. واتە لە ماوەی ٦٠ ساڵدا کلیسا ١٧ لەسەدی ئەندامانی خۆی لە دەست داوە، بەڵام دەستەڵاتی ماڵی و سیاسی و ئابووری و ئایینی کلیسا، لە جێی خۆی ماوەتەوە.

موسڵمانەکان بە پێچەوانەی مەسیحییەت، دژی نۆرم و فۆرمەکانی سەردەم دەوە تن و بۆ گەیشتن بە دەستەڵاتی سیاسی، نیزامی و ئابووری و گەڕانەوە بۆ سەردەمی سەدری ئیسلام، پەنا بۆ تووند و تیژی دەبەن. کلیسا بە پێی سەردەم خۆی دەگۆڕێنێ و مزگە ِت بە پێچەوانە، حەولی گۆڕینی سەردەم دەدات!

حزب بەوەرگرتنی دەستەڵاتی سیاسی، چارەنووسی خەڵک دیاری دەکا، کە بە بێ پاڵپشتی دەزگاکانی ئایینی کە گەورە رین ڕێکخراوی هەر وڵاتێکە، سەر ناگرێ. سەرجەم ئەندامانی هەموو حزبەکانی ئاڵمان دەگاتە یەک ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کەس، بە پێی بەراوەرد سەرجەم ئەندامانی کلیسا لەو وڵاتە دەگاتە ٦٠ ملیۆن. لە وڵاتێکی وەک سویس کۆی هەموو ئەندامانی حزبەکان ٣٧٠ هەزار کەسە، کۆی ئەندامانی کلیسا لە سویس دەگاتە ٥ ملیۆن. ئاڵمان ٨٠ ملیۆن و سویس ٨ ملیۆن نفووسی هەیە. ڕێژەی ئەندامانی حزبەکانی وڵاتانی ئوروپا، لە نێوان ١،٥ هەتا ٥ لە سەدە. ژمارەی .انیشتووانی وڵاتانی ئوروپای هاوبەش ٥٠٠ ملیۆن کەسە و بە پێی بەراوەرد ڕێژەی ئەندامانی هەموو حزبەکان لە سەر یەک لە باشترین حاڵەتدا ٢٥ ملیۆن کەسە، بەڵام ڕێژەی ئەندامانی کلیسا بە پێی بەراوەرد ٣٦٠ ملیۆن کەسە. گەر شێوەی ڕێکخراوەیی و سامان و دەستەڵاتی ماڵی کلیسا، تێکەڵبوونی کلیسا و حزب لە بەر چاو بگرین، نفوزی سیاسی کلیسا لە سیاسەتدا ڕوونتر دەردەکەوێ، بە تایبەت گەر بزاندرێ کە زۆرینەی دەستەڵاتی سیاسی پارلەمانی ئوروپا لە چنگی حزبەکانی ئایینی- سیاسی دایە!

دارایی حزبەکان بە پێی ڕێژەی ئەندامان لە ئوروپا ڕوونە، بۆ وێنە داهاتی هەموو حزبەکانی ئاڵمان لە ساڵدا بە شێوەی ڕەسمی دەگاتە 433,5 میلیۆن ئۆیرۆ، بەڵام سەرمایەی ماڵی کلیسا هەر لەو وڵاتە دەگاتە ٢٧٠ میلیارد ئۆیرۆ، واتە سەرمایەی کلیسا لە ئاڵمان ٦٢٣ جار زۆرترە لە سەرمایەی حزبەکان. ئەوەش شاراوە نییە کە زۆرێک لە بەرپرسانی کلیسا، ئەندامی حزبەکانن و حزب ِ کلیسا لە زۆر لایەنەوە تێکچڕژاون. بەشێکی زۆر لە پارەی دەوڵەت بە ناوی باجی کلیسا و یارمەتی، دڕژێتە ناو حسابەکانی بانکی کلیسا. هەروەها بەشێکی تری پارەی دەوڵەت بە شێوەی ڕەسمی دڕژێتە ناو حسابی بانکی حزبەکان، بەتایبەت ئەو حزبانەی لە پاڕلەمان بەشدارن. واتە دەوڵەت لە ئوروپا بە شێوەی ڕەسمی و قانوونی ئەو باجەی کە لە خەڵکی وەردەگرێ، بەشێکی دەڕژێنێتە گیرفانی کلیسا و حزبەکان. حزب و کلیسا و کەنیسە و مزگەوت، گەر لە ڕواڵەتدا وەک یەک نەچن لە دەستەڵات و بەکارهێنانی مێتۆد وەک یەک دەچن و لە ڕاستیدا حزب لە پێشینەی فەرهەنگی و مێژوویی و مێتۆدەکانی ئایین کەڵک وەردەگرێ.

ئایین کۆنترین دەزگای تێگەیشتنی مرۆڤە لە جیهان، کە ڕەنگدانەوەی لە هەموو بەشەکانی ژیاندا هەیە. حزب دەزگایەکی نوێیە و مێژووی کۆنترین حزبی سیاسی- ئایینی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ١٦ و ١٧ لە ڕۆم، بەڵام کۆنترین حزبی سیاسی- ئایینی کە ئێستاش ماوەتەوە و ٦٠٠ ئەندامی هەیە، حزبێکە بە ناوی Deutsche Zentrumspartei " حزبی ناوەندی ئاڵمان" کە وەک حزبێکی کاتۆلیک، ساڵی ١٨٧٠ دامەزرێندراوە.

کۆنترین حزبی چەپ کە پێشینەی دەگەڕێتەوە بۆ جوڵانەوەی کرێکاری ساڵی ١٨٤٨ ، حزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمانە کە ساڵی ١٨٦٣ بۆ پارێزگاری لە مافی کرێکاران و دابینکردنی عەدالەت و مافی مرۆڤ دامەزرا ـە و ئێستاش وەک هاوپەیمانی حزبی دێموکرات مەسیحی، بەشدارە لە دەوڵەتی ئاڵمان. ئەمڕۆ ئەو حزبە وەک زۆر حزبی چەپ، لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسی و فکریی خۆی دوور کەوتۆتەوە.
سەر وتارنووسی مانگنامەی "سەردەمی نوێ"[ Die Neue Epoche ] ئاوا باس لە حزبەکانی کمۆنیست دەکات : "لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی سوڤیەت لە دەستپێکی دەیەی ٩٠ نیشانی دا کە جوڵانەوەی ناونەتەوەیی کۆمۆنیستی، پاش سەد ساڵ بەزی، بەڵام هێشتا حزبی کۆمۆنیستی چین لە ژیاندا ماوە و دەستەڵاتی بە سەر یەک لە پێنجی دانیشتووانی جیهاندا هەیە، پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە چین کۆمۆنیسمی راستەقینە لە گۆڕێ دایە؟"

لە چینی ئەمرۆدا تەنانەت ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی ٩٤ ساڵە باوەڕیان بە کۆمۆنیست نەماوە. حزبی کمۆنیستی چین، سەرمایەی خسوسی ئازاد کردووە و دەوڵەت بازاری بورسی ئازاد بەڕێوە دەبا و سەرمایەدارانی جیهانی بەشداری لە پرۆژەکانی سەنعەتی و ئابوری چین دەکەن، بەڵام بوروکراسی کۆنترۆلی دانیشتووانی وڵات، ە جێی خۆی ماوەتەوە. قانونی بنەرەتی چین ساڵی ٢٠٠٤ گۆڕدرا، بەڵام دان بە چەند نەتەوەبوونی ڵت و پلۆڕالیسم، نەهێندراو و دیکتاتۆری حزب و ئیدئۆلۆژی مارکسیست-لینینست، مائۆ، دەنگ شیائۆپینگ وەلا نندراوە. زب بۆ درێژەدان بە کۆنترۆڵی وڵات وخەڵک لە جێی خۆی ماوەتەو. حزبی کمۆنیستی چین و ڕابەرانی، کەسایەتییەکی ئایینیان لە حزب و لە خۆیان ساز کردووە، کە بە پێی ئەم جەدوەلە عەمەل دەکات:

| 1 | فۆرمی سەرەتایی ئایین | فۆرمی حزبی |
|---|---|---|
| 2 | بوونی کلیسا، پلاتفۆرمی کلیسایی | کۆمیتەی حزب لە هەموو رەدەکاندا، پلاتفۆرمی هەموو کۆبوونەوەکانی حزب و مێدیا دیاریی دەکات کە لە لایەن حزبەوە کۆنترۆڵ دەکرێ |
| 3 | دەرس و ئامۆژگاریی | مارکسیسم لەنینیسم، ئیدئۆلۆگی مائۆ تسەتونگ، دەنگ شیائۆپینگ و یانگ تسیمین، سترۆکتۆری حزب |
| 4 | سوێندخواردن کاتی باوەڕهێنان بە ئایین | بەشداری لە ڕێوڕەسمی بوون بە ئەندام و سوێندخواردن بۆ وفادارمانەوە بە حزب |
| 5 | بەجێ هێنانی ئەرکەکانی ئایینی لە پێناوی باوەڕ بە ئایین | بەجێ هێنانی ئەرکەکانی حزبی ە پێناو باوەڕ بە حزب |
| 6 | قەشە، ڕەبەن، ئوسقۆف، پاپ | ئەندامانی رابەرایەتی، بەرپرسانی حزب، سەرۆکی حزب |
| 7 | خوایی بوون | حزبی بوون کە خۆی لە خوایی بوونی حزبدا دەنوێنێ |
| 8 | مەرگ، گەیشتن بە بەهەشت یان دۆزەخ | مەرگ لە ڕیگای گەیشتن بە ئامانجی مارکس |
| 9 | پیرۆزبوونی کتێبی ئایینی | پیرۆزبوونی تێئۆری و کتێبەکانی ئیدئۆلۆژیکی حزب و ڕابەران |
| 10 | ئامۆژگارییەکان | کۆبوونەوەکانی حزبی، وتاردانی رابەران و کادرەکانی حزب |
| 11 | کتێبی ئایینی و فێربوونی نووسراوەکانی ئایینی | فێربوونی ڕیبازەکانی سیاسی حزب و چالاکی حزبی |
| 12 | سرودگەلی ئایینی | سرودگەلی حزبی |
| 13 | حەقی ئەندامەتی، باجی ئایینی یارمەتی ماڵی | حەقی ئەندامەتی، یارمەتی ماڵی |

| | | |
|---|---|---|
| ديسپلينی حزبی، تەنبێی حزبی، بەربەندکردن لە ماڵەوە، دەرکردن لە حزب | تەمبێ کردن | 14 |

ئەوەی حزبی کمۆنیستی چین خۆی لە دەزگایەکی ئایینی ئاسادا ببینێتەوە، هەر ئەو ئاکامەی لێدەکەوێتەوە کە کینگ فینگ باسی دەکات. کینگ فینگ نووسەری چینی لە ژێر ناوی "کەسایەتی سێکت ئاسای حزبی کۆمۆنیستی چین"، گەلێک لە لایەنەکانی حزبی کۆمۆنیستی چین باس دەکات، ئەو بەو ئاکامە دەگات کە حزبەکانی کۆمۆنیست بە درێژایی سەد ساڵ، ژیانی بەشێک لە خەڵکی جیهانیان تووشی نەهامەتی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی کردووە. ئەو باس لە گۆڕینی فەرهەنگی ناو کۆمەڵگا، پوچەڵ کردنی فەرهەنگی چینی دەکات و فەرهەنگی ناو حزب وەک فەرهەنگی ئایینێکی دواکەوتوو هەڵدەسەنگێنێ، کە دیکتاتۆری و تاک پەرەستی، کاکڵی سەرەکی فەرهەنگەکە پێک دەهێنێت.

دوکتور تیل کۆسلێر لە وتارێکدا ئاوا باس لە حزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان و نفوزی لە ناو یەکیەتی کرێکاران و شورای بەڕێوەبردنی کارخانەکاندا دەکات: "لە ساڵانی پاش شەڕی جیهانی یەکەم قورسایی حزبی کۆمۆنیست لە ناو یەکیەتیەکانی کارگەران و سەندیکا و شورای کارخانەکان، زۆر بوو. بەشێکی زۆر لە ئەندامانی شوراکان، بەڕێوەبەر و رییسی کارگەران و یەکیەتی و سەندیکاکان ئەندامانی ئەو حزبە بوون. لە ئیالەتی نوردراین ویشتڤالن لە نێوان ساڵی ١٩٤٦ هەتا ١٩٤٨ ، ٣٠ لە سەدی ئەندامانی شورای سەنعەتی ئاسن، ئەندامانی رەسمی حزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان بوون. لە ساڵی ١٩٤٨ یەک لە سێی سەندیکاکانی ناوچەیی ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان بوون. "

دەوری حزبەکانی کمۆنیست لە بواری فەرهەنگی و بایخ دان بە ئەرزشەکانی ئینسانی و هۆمانیسم گەلێک لە دەوری حزبەکانی چەپی شێوە سوسیال دێموکرات و سوسیالیست و دێموکرات، زۆرتر بوو. ناودارانی بیر و فکر و هونەر و وێژە و ئەدەبی رۆژئاوا، ئەندامانی رەسمی حزبەکانی کمۆنیست و حزبە انی سوسیال دێموکرات بوون، کەسانێکی وەک برێشت، برتراند راسل و سەدان نووسەر و هونەرمەندی ناوداری جیهان، کە باوەڕیان بە عەداڵەت خوازی و هۆمانیسم و فەرهەنگی چەپی حزبی هەبو ، دەوری کاریگەریان لە دروستکردنی فەرهەنگی هۆمانیستی و عەداڵەتخوازانە لە هەموو جیهان هەبوو. پاشگەزبوونەوەی ئەو حزبانە لە بنەما سەرەکییەکان، هەموو بیرمەندان و فەرهەنگسازانی چەپی لەو حزبانە تاراند، ئەمڕۆ حزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان بۆتە حزبێکی بچکۆلانەی تەریک کەوتوو، حزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان کە سەردەمێک بە تەنیا حزبی دەستەڵاتداری ئاڵمان بوو، ئەمڕۆ لە هەڵبژاردنەکاندا ٢٥ لە سەدی دەنگ دەهێنێتەوە!

'حزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان لە حزبێکی شۆرشگێری کرێکارییەوە، کە ئەندامەکانی لە لایەن حکومەتی بیسمارکەوە بە بانووی بێ نیشتمانی راودەنندران، بۆتە حزبێکی تێکەڵ و ئەوەش لە پرۆگرامی ئابوری "گودسبێرگ" پەسەند کراوە. حزب سەرئەنجام بەرەو ناوەند خزاوە، بۆ ئەوەی داواکارییەکانی جیهانیبوون لە بەرچاو بگرێ. ئەمڕۆ کەمتر هەستی نزیک بوونەوە لە ئەندامانی سادەی حزب کە سەردەمێک، زۆرتر بە جیدی دەگیران، هەیە. پراگماتیسم ای بۆ هەرچەشنە سەرەڕۆیی و لارێییەک و دەرچوون لە بەرنامە و ئەساسنامەی حزب، خۆش کردووە. ئەو کەسانەی کە پایەی حزب پێک دەهێنن سەرەرای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان، کە بەرهەمی کاری ئەوانە،پشت گوێ دەخرێن. بایخەکانی سوسیال دێموکراسی کە دامەزرێنەرانی حزب وەک بێبل و لاسال باوەڕیان پێی هەبوو، لەو حزبەدا دەمێکە لەبەر چاو ناگیرێن."

حزبی سەوزەکان کە خۆیان بە چەپ،لایەنگری ژینگە، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دژ بە شەڕ دەزانی و بەرهەمی جوڵانەوەکانی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینی بوون، بە ڕەچاوکردنیسیاسەتی پڕاگماتیستی هەنگاو بە هەنگاو لە بنەما سەرەکییەکانیان دوور کەوتنەوە. حزبی سەوزەکانی ئاڵمان، خۆیان باس لەوە دەکەن کە پراگماتیسم و کاری هاوبەشی دەوڵەتی لە گەڵ سوسیال دێموکراتەکان، هەم زیانی بە حزبەکەیان گەیاندووە، هەم بنەما فکرییەکانیان خراوەتە ژێر پرسیار. سەوزەکان هەم دوچاری قەیران هاتن و هەم هۆوییەتی سیاسیان دووچاری ئالۆزی بوو، ئەوان بۆ مانەوە لە دەستەڵات، بوونە ملکەچی سیاسەتی پراگماتیستی سوسیال دێموکراتەکان، سەوزەکان لە سەرەدەمی بە جەهانی بووندا، نەیانتوانی ڕێبازی سیاسی، ئابوریی و کەسایەتی فکریی و فەرهەنگی خۆیان بپارێزن و ڕێگایەکی جیاواز لە سیستمی زاڵی کاپیتالیسم بگرنە بەر. تئۆریسێنە سەرەکییەکانی حزبی سەوزەکانی ئاڵمان، پاش داکەوتن لە دەستەڵات، بوونە ڕاوێژکار و سمیناردەری ئەنستیتۆ و دانشگاکان و کلوبەکانی ماڵی و سیاسی ئامریکا و وڵاتانی تر!

فریدریش میلکە، لە وتارێکدا لە ژێر ناوی ئەمریکاییەکان شانازی بە مێژووی خۆیان دەکەن دەنووسێ:
" شەرەفی بوش نیشانەیە بۆ بوونی بایخەکانی محافزەکاران، کە بریتین لە تاک گەرایی، ئازادی ئەخلاقی، ئاوابوونی زۆری دەوڵەتی، نیشتمانپەروەری،ئایین گەرایی و لایەنگری لە نیزامی گەریی. محافزەکار ئەو کەسەشە کە مێژووی ئامریکا پۆزیتیف دەبینێ. دوور لەوەی کە کێ محافزەکارە و کێ لیبراڵە، زۆربەی خەڵکی ئامریکا مێژووی وڵاتەکەیان خۆش دەوێ."

ئەوەی حزبەکانی چەپ چەندە ملکەچ و بەشدار و هاوپەیمانی سیاسەت و ستراتیژی محافزەکاران لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی بوون، کە گرێدراوی ئایین و ئایینگەرایی و کلیسا هەن، سیاسەتی پراگماتیستییان دەریدەخات.
فریدریش میلکە پاش ئاوردانەوە لە مێژووی ئامریکا و خەڵکەکەی بەم چەشنە باس لە ناسیۆنالیست و مەزهەبی بوونی ئەمریکایەکان دەکات:" زیارەتی شاری واشینگتۆن بۆ ئامریکاییەکان وەک زیارەتی مەکە وایە بۆ موسڵمانەکان.
خەڵکانی ئامریکا لە مەزهەبی ترین خەڵکانی جیهانن، ژمارەی ئایین و ئایین زاکان و کلیسا و مزگەوت و کەنیسە و شوێنەکانی ئایینی زیاترن لە ژمارەی خویندنگە و نەخۆشخانەکان. فەرهەنگی زۆربەی خەڵک بنەمای ئایینی هەیە و بیر و هزری ئینسانی ئەوان لە ئایین هەڵهێنجێنراوە"

جۆرج دابلیۆ بوش، بە پێی ناسینی خەڵکی وڵاتەکەی، پاش رووداوەکەی ١١سپتامبری ٢٠٠١، جەختی لە سەر دوو ڕەگە لە کەسایەتی خەڵکی ئامریکا کردەوە "خاچ پەرەستی ، ناسیۆنالیسمی ئامریکایی" . راستی جیهانی ئێمە ئەوەیە، کە مرۆڤ لە ڕابووردووی خۆی جیا نەبۆتەوە و ٨٠ ە سەدی خەڵکی جیه ، بە پێی باوەڕی ئایینی، ئیتنیکی و غەریزی دەژین و هەر بەم پێیەش، بەشداری لە کێشەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی دا دەکەن!

لە سەردەمی ئێمە، وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر، لە دوو دیاردەی "ئایین و ناسیۆنالیسم" بە سوودی سەرمایەی جیهانی، کەڵک وەردەگرن. حزبەکانی چەپ ە چۆڵکردنی مەیدان و خۆگونجاندن لە گەڵ ڕەوتی زاڵ، چارەنووسی ئینسان و هزری ئینسانی زەمینیان، گەڕاندەوە دەست دەستەڵاتدارانی ئایینی و خاوەنەکانی سەرمایە!
چۆڵکردنی گۆڕەپانی سیاسی لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی جیهانەوە، لایەنێکی دیکەی چۆڵکردنی مەیدانە لە لایەن هێزەکانی چەپەوە!

پاش شورشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ ی روسیە، حزبەکانی کمۆنیست و چەپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتانی عەرەبی، ئێران و تورکیا، سەریان هەڵداو و کوردەکانیش تێکەڵ ئەم ڕەوتە بوون و بەرهەمی فکریی، هونەریی، ئەدەبی و یاسی هونەرمەند و نووسەر و بیرمەند و سیاسی کورد، تێکەڵ بیری کمۆنیستی، ماتریالیستی و مارکسیستی، لەنینیستی ا، تەنانەت دەوری کوردەکان لە پێکهێنان و ڕابەری ئەو حزبانە لەم وڵاتانە، گەلێک بەرچاو بوو.ئاکامی حزبەکانی چەپ و کمۆنیستی ئەم وڵاتانەش جیاواز لە تاقیکردنەوەی ڕۆژئاوا نەبوو!
ەکانی کوردی سەر بەم ڕەوتە، هەموویان وەک پرسیاری بێ وڵام ماونەتەوە و داهاتووی کوردستان کە لە دەست ئەوان ئەستێندراوە و بە ئیسلامیەکانیش ئەسپێردراوە. چەپی کورد پاش ستراتیژییەکی سەت ساڵەی تێکشکان، قبیلەنماکانی لە مەداری بازنەی "ئایین و ناسیۆنالیسم"ی نەتەوەکانی سەردەستی ناوچە و ڕۆژئاوادا،دەخولێتەوە، بە بێ ئەوەی خۆی خاوەنی ستراتیژی بێت! چە بێ ستراتیژی، خۆی لەستراتیژی بەرانبەرەکەیدا دەبینێتەوە، تراژێدییەک کە چەپی کورد خووی پێگرتووە! @

**برایم فەڕشی**
**ڕێبەندانی ٢٠١٥**